# بزوتنەوەی کریکاری و لەمپەرەکانی سەر رێگای ئەو بزوتنەوەیە

**محەمەد کەریمی (حەمامیان)**

نیزامی سەرمایەداری هەتا دێت بێ بەزییانەتر لە پێشو، کومەڵگا دەخاتە ژێر رکێفی خۆی و لەو ناوەشدا ئالقەی خۆ تەنگ کردنەوە و خۆ لەبەین بردنی زیاتر دەخاتە بەر چاو. کێبرکێی نیوان شیرکەتە بازرگانیە گەورەکان لە ئاستی جیهان دا و هەروەها رقابەتی ئازاد لە ناو بازاری ئازادی تیجاری جیهان و وەرشکست بونی یەک لە داوای یەکی ناوەندە بانکیەکانی جیهان، لەوانە بانکە گەورەکانی ئامریکا لەو ماوەیەی رابردودا و حەول و تەقەلای دەوڵەتی ئەو وڵاتە بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەو وەرشکست بونە، نمویەکە لەو خۆ هەلواسینەی نیزامی سەرمایەداری. هەر بۆیەش هەبونی هێزیکی رادیکاڵ و شۆرشگێر لە ناو کۆمەڵگای جیهانیدا زیاتر لە هەموو بوارەکانی دیکە، هەستی پێدە کرێت و بوونی ئەو هێزە و پتانسیەل و تواناکانی تەنیا ناگەڕێتەوە بۆ ئەمڕۆ بەڵکوو ئەو مێژووە خەباتکارانەیە دەگەریتەوە بۆ سەدەکانی پێشووتر کە شێوازی خەبات و بزاڤی رزگاریخوازنەکەی هەمووومان لێی ئاگادارین و دەزانین. لەو هەل و مەرجەی ئێستاکەدا و بەپێی بارودوخێکی کە نیزامی سەرمایەداری دەروی خۆی وەک جالجالوکە تەنیوەتەوە، نە تەنیا جێگای ئەو بزوتنەوە بەرابەری خوازیە خالیٚ نیە تەنانەت جێگا و ریگا و شوین و ئامانجەکانی زیاتر خۆ دەنوێنی، ئەو هێزە هەمان هێزی هەرە زۆری کۆمەلگایە کە بە چینی کرێکار ناوی لێدەبرێت.

ڕاندخۆری و بەفیرۆدانی سەروەت و سامانەکانی خەڵک لەهەر وڵاتێک کە خاوەنەکانی سەرەکی ئەو سەروەت و سامانانە هەمان چینی زۆرینە و بەشمەینەتی کۆمەڵگان و هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا ژیانی تەوەزەلی و چەوساندنەوەی ئینسانەکان لەتایبەتمەندیەکانی نیزامی سەرمایەدارین. ئەگەر چینی کرێکار نەبێت و ئەگەریش دەسەڵاتی ڕەشی سەرمایە بەسەر ئامراز وکەرەسەکانی بەرهەمهێناندا سێبەر نەخات، بژیوی هیچ سەرمایەدارێک دابین نابێت. مێژووی خەباتی چینایەتی و لەپێشەوە بزووتنەوەی ڕادیکاڵی ئەو چینە زەحمەتکێشە سوورخەڵاتە بە خوێنی هەزاران کرێکار کە لە ڕابردوو و لە ئێستاشدا لەشوێنی کارەکانیان دەبنە قوربانی ئەو وەحشیگەریەی نیزامی بورژوازی.

سیستەمی ڕەشی سەرمایە و دام و دەزگاکانی ژێردەسەڵاتی بۆ لەباربردنی شۆڕشی پێشکەوتن خوازانەی چینی کرێکار هەموو هەوڵەکانی دەخاتە گەڕ و بەو مەبەستەش زەق کردنەوەی ناسیۆنالیزم، دیاری کردنی سنوور و ڕەگەزپەرستی دەکاتە لەمپەر لەبەرانبەر ئەو بزووتنەوەیەدا.

هەوڵ بۆ ڕووخاندنی ئەودەسەڵاتە ڕەشە لەلایەن چینی کرێکارەوە ڕۆژبەڕۆژ هەست پێدەکرێت و دامەزراندنی جیهانێکی بەدوور لە چەوسانەوەی ئینسانەکان هەست و گڕوتینێکی زیاتر دەخاتە لەشی ڕەوتی چەپ و سۆسیالیستی ناوچینی بەش خوراوی جیهانیەوە.

هەربۆیەش یەکگرتووانە دەبێت لەهەمبەر لەسەرکار دەرکردنی کرێکاران، داخستنی کارگە و شوێنی دابین کردنی بژیوی کرێکاران، و دیکەی هەوڵەکانی نیزامی سەرمایەداری پێشگیری بکرێت و ئەو هەوڵانە پووچەڵ بکرێنەوە. پێکەوە لکاندنی ئاڵقە بەئاڵقەی زنجیری هاوچارەنووسی کرێکاران لەئاستی جیهاندا و وشیاربوونەوە و پێکهێنانی کۆمیتەکانی هاوئاهەنگی بۆ بەڕێوەبردنی ئەرک و کارەکانی کرێکاران و هەروەها بەمەبەستی داسەپاندنی خواست و داخوازیەکانی ئەوان بەسەر خاوەنانی سەرمایەدا، پێویستیەکی حاشا هەڵنەگرە و ئامرازێکە بۆ بنەبڕکردنی هەر نیزام و دەسەڵاتێکی چەوسێنەر.

هەرچی شکۆدار بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمەکانی پێوەندیدار بە چینی کرێکار، لەوانە "ڕۆژی یەکی مەی" دەتوانێت دەنگی چەوسانەوەی چینی هەژار و برسی کۆمەڵگا بە تەواوی جیهان بگەیەنێت و پەرچەمی سووری کرێکاران لەسەر بڵیندایی جیهانێکی ئازاد و بەرابەر بشەکێنێتەوە. دەست درێژی نیزامی بورژوازی بۆسەر چینی کرێکار لەهەر وڵاتێک هەوڵێکی سیاسی و ئایدۆلۆژیکیە و ڕەوتی چەپ و سۆسیالیستی بزووتنەوەی کرێکاری کە باڵی بەهێزی ئەم بزووتنەوەیەیە دەبێ لە تاکتیک و سیاسەت و ئایدۆلۆژی خۆی بۆ بەئەنجام گەیاندنی شۆڕشێکی کۆمۆنیستی کەڵک وەربگرێت.

دەبێت وەک تائێستا کە کاریگەری خۆی لەناوەرۆکی سەرهەڵدانی ناڕەزایەتیە کرێکاریەکان وەدەرخستووە لەمەوبەدواش ئەو ڕەوتە بتەوتر بکات، کە ئەگەر وانەبێت ناڕەزایەتی و ئاخێزەکانی کرێکاری بەدەستەبەر کردنی چەند خواستێکی سینفی کۆتایی پێدێت.

ئەزمەی نێوان نیزامی سەرمایەداری و چینی کرێکار شەڕێکی مان و نەمانە و لەو ناوەدا سەرکەوتنی کرێکاران کۆتایی چەوساندنەوەی مرۆڤایەتی، جیهانی شیاوی ژیانی ئینسانی و لەدواییشدا کۆمۆنیزم مسۆگەر دەکات.

بەڵام ئایا ئەوەندەی نیزامی سەرمایەداری خۆی خستۆتە گێژاوی لەناوچون و خۆ خواردنەوە، بزوتنەوەی چینی کرێکار بە سەرجەم داخوازیەکانیەوە توانیویەتی متمانەی تەواو بەخۆی بکات بۆ ئەو مەبەستە کە، دەور و رۆڵی خۆیشی لەو شەڕە جیهانیە بگێڕێ یان نا؟

چینی کرێکار، چێنکی لە ئێستادا بێ دەسەڵاتە، کەرەسە و ئامرازی بەرهەمهێنان ئێستاش هەر لە بەر دەستی سەرمایەداران دایە و ئەوان گیرفانەکانیان لە قازانجی بەرهەم و دەرد و مەینەتیی کرێکاران دابین دەکەن و چینی کرێکاریش ئەوە بە باش دەزانی بەڵام بۆ بژیوی خۆی و ئەو کەسانەی کە چاوەروانی داهاتی ئەون، لەشی خۆی وەبەر ئەو قازانج پەرەستیەی نیزامی سەرمایەداری داوە.

چینی کرێکار زۆر بە باشی بۆی دەرکەوتوە کە بۆ بەرنگار بونە لەگەڵ نیزامی چەوسێنەری سەرمایەداری دەبی یەکبگرێت و خۆی وشیار کاتەوە.

بۆ ئەو مەبەستەش دەبآ خۆی بە دوو فاکتەری بەهێز تەیار بکات، یەکەم ئەوەیکە، دەستی بە زانستێک رابگات کە قازانج یان بەرژوەندیکانی چینایەتی خۆی بزانێت کە لێرە دا مەبەست لەو زانستە، مارکسیزمی عیلمی و عەمەلیە.

دووم، وەگەر خستنی ئەو زانستە و پەرەپێدانی لەو ناو ریزەکانی خۆی کە ئەمەش یەکریزی و لێهاتویی خۆی لێدەکەوێتەوە.

ئینجا هێنانە گۆری ئەو فاکتەرانە لە گۆرەپانیکی سیاسیدا و بەمەستی ملمڵانێ لەگەڵ هەر نیزامیکی چەوسێنەر و هەوڵدان بۆ رێ خۆش کردنی رێگاکانی دیکەی وەکوو مانگرتن بو بە دەست هینانی داخوازییە گێشتەکانی خۆی و پێداگری لەسەر ئەو بنەمایانەی کە تێکوشانی خۆی لەسەر پێک هێنانەوە.

تەیار بونی چینی کرێکار بە زانستی مارکسیستی و کەڵک وەرگرتن لە ئەزمون و شۆرشەکانی رابردوی خۆی، هەنگاو بە هەنگاو ئەو چینە لە بە دەست گرتنی سیادەت و رێبەرایەتی سیاسی کۆمەڵگا نزیک دەکاتەوە و نیزامی سەرمایەداریش بە چۆک دادێنی. هەر

وەک ئەمڕۆکە شاهیدی ئەو بزوتنەوەین کە لە چاو ساڵانی رابردو دەوریکی بەر چاوی دیکەی بەخۆوە دیوە، و بە ئاستێکی پێشکووتوانەتردا خەریکە تێپەر دەبێت و کۆمەڵگاش زیاتر هەست بەو بزوتنەوە یەکسانیخوازیە دەکات. چینی کرێکار خەریکە لەپەرتەوازە بون دێتە درآ ئەوەش لە ژێر سێبەری وشیاریەکە کە بۆ خۆی پێی گەێشتوە و نەک پێی تەزریق کرابیت، ئەو چینە بآ بەشەی کۆمەڵگا، چ بە شێوەی تاکە کەسی و چ بەشێوەی پێک هێنانی کۆر و کۆمەڵی دیکە و لە چوارچێوەی سەندیکا و رێکخراوەی سەربەخۆ، بە باشی هەنگاوەکانی یەک لە دوای یەک هەڵدەگرێت و بە تەیار بوون بە سۆسیالیزمی عیلمی ، خەریکە خۆی دەگەیەنێتە ئاستێک کە ئێتر نیزامی سەرمایەداری برشتی خۆراگری بە هێمنی لەدەست دەدات، هەر بۆیەش لەبەرابەر هەر مانگرتنێکی بە کۆمەڵکی کرێکاران لە ناوەندە جیاجیاکاندا، دوای ماوەیەک پەلەقاژی ، لەبەر خواستی کرێکاران سەر دادەنەونێت و زۆر جار داخوازیەکانی ئەدان بە جآ دینێت کە لەو بارەشەوە نمونەکان زۆر و پێویست بە نوسین ناکات.

بەڵام لێرەدا چینی کرێکار دەبآ زۆر وشیار بێت کە، هەرچەند وڵامی ئەو داخوازیانە لەلایەن خاوەنانی سەرمایەوە. هەنگاوێکە بەرەوپێش ، سەرەرای ئەوەش نابآ بەوە رازبێت و تەنیا مانگرتن لە چارچێوەی ناوەند یان شوێنی کارەکاندا قەتیس ماوە بکات و دڵی بەوە خۆش کات کە تا رادەیەک سەر کەوتنی بەدەست هێناوە.

دەبآ هەر کارگەیەک، شیرکەت یان ناوەندێکی کرێکاران لە شوێنەکانی دیکەش، پشتیوانیان بکەن کە بەداخەوە ئەو کارە زۆر کەم کراوە و لە هەندێک جاردا تەنانەت داخرانی شوێنی کاری کرێکارەکانی لێکەوتۆتەوە.

نیزامی سەرمایەداری هەر چەند لە هەندێک بواردا پاشەکشیی کردوە و وڵامی داخوازیە سینفیەکانی کرێکارانی داوەتەوە بەڵام زۆر زیرەکانە ویستویەتی رەخنە بکات ناو ریزی کرێکاران و ئەوان لە یەک پرژوبڵاو بکات . و بەداخەوە توانیویەتی بە بەکارهێنانی ناوەند و هێزە سەرکوتگەرەکانی ژێردەسەڵاتی خۆی ئەو کارە ئەنجام بدات.

لێرەدا و ئەگەر چینی کرێکار بەرژەوەندیەکانی خۆی نەناسێت و زنجیری چینایەتی خۆی لە توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگا جیاکاتەوە، جگە لە بەرهەم و قازانجی زۆر بۆ گیرفانی خاوەنانی نیزامی سەرمایەداری و مووچەخۆرەکانی ئەو نیزامە، هیچ بەرژەوەندیەک بۆ خۆی دەستەبەر ناکات.

هەر بۆیە دەبێت بە سەرنجدان بەو بەرژەوەندیە چینایەتیە جیهانیە، خۆ لە پەرتەوازە بوون، جیاکردنەوە لە بزووتنەوە ڕادیکاڵەکانی دیکەی کۆمەڵگا و خۆبەستنەوە بەو حیزب و بەم لایەن بپارێزێت و هەروەک تا ئێستا لێبڕاوانە ئەرکەکانی خۆی بە مەبەستی بەچۆکداهێنانی سەرمایەداری تا ڕادەیەک بەباشی بەڕێوەبردوە، لەمەوبەدواش، بەخوێندنەوەی تایبەتمەندیەکانی خۆی و سەرنجدان بە خواست و داخوازیەکانی چین و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگاش، ئەوانیش بخاتە ناو ڕیزی خەباتی خۆیەوە و بە پشت بەستن بە ستراتیژیەکی سۆسیالیستی و خۆتێوەردان لە زانستی مارکسیزم، بنەماکانی سەرمایەداری بروخێنی بۆ دەستەبەرکردنی یەکگرتوویی جیهانی ڕیزەکانی خۆی هەوڵی چەند قاتە بدات.

پڕدیارە کە ئەو بزووتنەوەیە لە هەندێک وڵاتانی جیهان، وەک یەک بەڕێوە ناچن و لە وڵاتانێکی کە نیزامی سەرمایەداری توانیویەتی تاڕادەیەک ئیمکاناتی ئاسایشی پێک بهێنێت، هێندە لەبەرچاو نیە، کە ئەوەش خۆی لەخۆیدا، دەگەڕێتەوە بۆ دوو شتی جیاواز:

١. زیرەکی نیزامی سەرمایەداری

٢. لەڕووی ناچاری

زیرەکیەکەی بەو مەبەستە کە بتوانێ هێژموونی و دەسەڵاتی خۆی ڕاگرێت و سیمایەکی مرۆڤ دۆستانە لە خۆ نیشان بدات و بە دابین کردنی هەندێک شوێنی کار و لە بەرانبەریشدا بەدەست هێنانی قازانجێکی زیاتر ئەو مانەوەیە زاتر مسۆگەر بکات.

لەڕووی ناچاریشەوە، ئاشکرایە کە ئەو دابین کردنە ئاسایشیە، لەژێر سێبەری چاوی جوانی سەرمایەداری نیە و ترسێکە کە هەمیشە و لە زاتی خۆیدا لە چینی کرێکار هەیەتی، چۆنکە تێپەڕبوونی نیزامەکانی سەرەتایی مرۆڤی بە باشی لێکداوەتەوە.

با لێرەوە و بەکورتی باسێکی تر لەو بابەتەدا بهێنینە ئاراوە و ئەویش مەسەلەی ژنانە کە، نیزامی چەوسێنەری سەرمایەداری ئەو بەشە لە کۆمەڵگای ئینسانیشی وەک ئەرتەشێکی پاشکەوت بۆ کار ئامادە کردوە، ژنانی خانەنشین کردوە و ئەوانی وا ڕاهێناوە کە لەماڵەکانیاندا دابنیشن و خۆ لە کار و باری کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و هیتر نەدەن، و تەنیا بەخێوکەری بەقەولی خۆی نەسڵی نێر بن وئەوان تەنیا چاوەڕوانی خێر وخێراتی پیاوەکانیان بن.

ئەوەش لە ئەستۆی چینی کرێکاری وشیار و تەیار بە تیئوریەکانی سۆسیالیزم و هەروەها ئەرکی سەرشانی چین و توێژە وشیارەکانی دیکەی کۆمەڵگایە کە لە بواری فەرهەنگی و ڕاهێناندا قۆڵیان هەڵماڵن و ئەو پیلانە ڕەشەی نیزامی سەرمایەدای پووچەڵ کەنەوە.

ڕەنگە هەندێک کەس بڵێن، جاخۆ لە هەندێ شوێن و ناوەندە دەوڵەتیەکاندا ژنان دەوریان هەیە، و خەریکی کارن. بەڵام ئەوەش خۆی لە خۆیدا، مەرجی تێدا بەسراوە و هیچ مەبەستێکی ڕادیکاڵیسم لەودا بەرچاو ناکەوێت، بۆ نموونە لە ئێران و لە مەجلیسی ڕژیمی کۆماری ئیسلامیدا، ژنان گەیشتوونەتە ئەو ئاستە کە خۆیەک نیشان بدەن، بەڵام ئایا هیچ کامێکیان توانیویە بەو جۆرەی کە دەبێ و مافی ڕەوای ژنانە قسە بکەن، ئایا توانیویانە تەنانەت بە شێوەیەکی ڕادیکاڵ نیزامی ئێستای ئەو وڵاتە بخەنە ژێر پرسیارەوە؟

با دوور نەکەوینەوە و لە کۆتاییدا ئەوە بڵێین کە، پیویستە ژنانی کرێکاریش بەخۆدا بێنەوە و شان بەشانی هاوچینەکانی دیکەیان، گۆڕەپانی بزووتنەوەی کرێکاری قەرەباڵغتر بکەن و چیدی نەبنە بن دەستی نیزامی سەرمایەداری.

بە جەخت کردنەوە لەسەر هاتنە مەیدانی چینی کرێکار و بەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتی سیاسی و سەرنجدان بە تواناییەکانی ئەو بزووتنەوە ڕەوایە، ئەو خاڵە دێتە بەرچاو کە، ڕێگای ڕزگاری یەکجارەیی چینی کرێکاری ژێر دەسەڵاتی نیزامی سەرمایەداری، نەک لە ئاستی نەتەوەیی بەڵکوو، لەئاستی نێونەتەوەیی یان جیهانیدا دەستەبەر دەکرێت، بەڵام ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە هەر هەنگاوێک لەو بوارەدا، بەخوێندنەوەیەک لە تایبەتمەندیەکانی چینی کرێکار لە هەر وڵاتێکدا و بە دارشتنی تاکتیک و شێوەی خەباتی پێویست بەڵام تەیار بە تیئۆریەکانی مارکسیزم و خۆ نزیک کردنەوە لە بزووتنەوەکانی ڕادیکاڵی دیکەی کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکان، دەتوانێ چینی کرێکار بەرەو حەرەکەتێکی مەزن و شۆڕشگێرانەی جیهانی بەرەو پێش بەرێت و ڕۆژ بە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ خۆ لەو خەباتە پێشکەوتن خوازانەیە نزیک بکاتەوە.

چونکە بێجگە لە بزوتنەوەیەکی رادیکالی کرێکاری کە ئاوێتە بە عیلمی مارکسیزم بێت، کام بزووتنەوەی دیکە ئەو پتانسیەل و ماتریالەی هەیە کە بتوانێت کەلێنی چینایەتی نێوان چینی چەوساوە و هەژار لەگەڵ خاوەنانی نیزامی سەرمایەداری پڕبکاتەوە؟

وەدی هینانی دنیایەکی ئازاد و بەرابەر کە تێیدا ئینسان بەدەستی ئینسان نەچەوسێتەوە و هەمووان لە مافی یەکسان و مافی ژیان بەهرە وەربگرن، بە هەوڵ و خەبات و تێکۆشانی ڕاستەقینەی چینی کرێکارەوە گرێدراوە. سۆسیالیزم ڕێ نیشاندەری ڕزگاری چینی بەش مەینەت و هەژارە، مارکیسزم و ڕێنموونەکانی بۆ هەر ئینسانێکی کرێکار و بەشخوراو هەوێنی پێگەیشتن بە ژیانێکی شیاوە و دەبێ لەم ڕێگایەدا هەموو ئینسانێکی شۆڕشگێڕ بە ورەیەکی بەرز و ماندوویی نەناسانە هەنگاو بنێت و تەگەرە و کۆسپەکانی سەرئەو ڕێگا ڕزگاری بەخشە یەک لەدوای یەک وەلا بنێت.

چینی کرێکار بەپشت بەستن بە ئەزموونەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و کۆمۆنی پاریس و بە لەبەرچاو گرتنی خاڵە بەهێزەکانی ئەو دوو شۆڕشە مەزنە و هەروەها بە دەرس وەرگرتن لە لاوازیەکانیان دروشمی(کرێکارانی جیهان یەکگرن) لەئاستی جیهاندا لە دروشمەوە بۆ کردەوە بگۆڕێت.

نیزامی سەرمایەداری و ئەو نیزامە پێچەوانەیەی کە دڵی پێی خۆشکردوە هەتاهەتایی نیە و سەقامگیرکردنی بەهەشتێکی زەوینی لەسەر ئەم گۆی زەویە دەستکردی چینی کرێکاری یەکگرتوو و وشیار دەبێت.

با بەو وتەیەی مارکس کە دەڵێت:(با چینە چەوسێنەرەکان لەبەرانبەر شۆڕشی کۆمۆنیستیدا سەرتاپایان بێتە لەرزین، کرێکاران لەم شۆڕشەدا بێجگە لە زنجیرەکانیان هیچ لە دەست نادەن بەڵام جیهانێک بەدەست دێنن.) کۆشکی سەرمایەداری و بنەماکانی ئەو نیزامە گەندەڵە وەلەرزە بێنین و گەشبین بین بە ئاسۆی بزووتنەوەی کرێکاری و یەکگرتووانە لەو پێناوەدا هەوڵ بدەین، چۆنکە مارکس چینی کرێکار وەکوو تاک ناخوێنێتەوە، بەڵکوو بانگەوازی یەکگرتن و ڕێکخراو بوونی دەکات و ئەو پێویستیەش بۆ ئەوەیە کە بۆرژوازی و نیزامەکەی ئایدۆلۆژی و دام ودەزگا و هێز و توانای خۆی هەیە و بۆ پاراستنیان زۆر زیرەکانە پێ دەنێتە مەیدانەوە، کەوایە بۆ ڕووخاندنی ئەو نیزامە، چینی کرێکاریش دەبێت ڕێکخراو و یەکگرتوو بێت و شێلگیرانە و بەردەوام تێکۆشانی خۆی پەرە پێ بدات.

ڕاڕایی بەخۆدان لەو ڕێگایەدا تەنیا و تەنیا چینی کرێکار لەئامانجەکانی دوور دەخاتەوە و بۆرژوازی و نیزامە چەوسێنەرەکەی هارتر دەکات.

لەکۆتاییدا ئەگەر لەمپەرەکانی سەر ڕێگای ئەو بزووتنەوەیە وەکوو خاڵ ناوبەرین، دەبێ ئاماژە بەوانە بکرێت:

١. نەبوونی سەندیکا و پێکهاتەی سەربەخۆ

٢. نەبوونی شوورای کرێکاری

٣. پەرتەوازەیی ڕیزەکانی کرێکاران

٤. ناشارەزایی و نائاگایی لە سۆسیالیزمی عیلمی و عەمەلی

لەقاودانی سیاسەتی دەست و پێوەندەکانی سەرمایەداری لەوانە ناوەند و ئۆرگانە دەوڵەتیەکان، خۆ دوورخستنەوە لە لایەنە دواکەوتووە مەزهەبیەکان و ڕیسواکردنی کار و چالاکیەکانیان، ئەرکی سەرشانی چینی کرێکاری وشیار و ئاگا بە ڕێنماییە سۆسیالیستیەکانە.

چینی کرێکار و دڵسۆزان و چالاکانی بزووتنەوەی ڕزگاری خوازانەی ئەو چینە، دەبێت بە پشت بەستن بە هاوچارەنووسانی دیکەیان، ناوەندەکانی وەک شوورای کاری ئیسلامی، سەندیکای دەوڵەتی و شوێنەکانی دیکەی لەوجۆرە، بخەنە بەر تیشکی ڕەخنە و گازندەکانی خۆیان و کرێکاران لە پیلان و مەبەستی ڕەشی ئەو ناوەندانە کە دەستکردی دەست و پێوەندەکانی نیزامی سەرمایەدارین، ئاگادار بکەنەوە.

سەرکەوتنی چینی کرێکار ئاوات و ئارەزووی هەر ئینسانێکی شۆڕشگێر و کۆمۆنیستە.

بۆ پێشەوە بەرەو وەدی هێنانی جیهانێکی ئازاد و بەرابەر